دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی ئینفیتار: قەڵەشان ١٩ ئایەتە

**سوورەی ئینفیتار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو کاتە کە ئاسمان (کوراتی ئاسمانی) بقەڵشێ و لەت لەت بێ ﴿١﴾ ئەو کاتە کە ئەستیرەکان بڵاو بنەوە و بڕژێنە خوارێ ﴿٢﴾ ئەو کاتە کە زەریاکان تەقین و لێکدران ﴿٣﴾ ئەو کاتە کە قەبرەکان ژێرورو کران ﴿٤﴾ لەو رۆژەدا هەموو کەسێ دەزانێ چی لە پێشا ناردووە و چی بۆ دوایی هێشتۆتەوە ﴿٥﴾ ئەی مرۆڤ! چ شتێک تۆی لەبابەت پەروەرێنەری بەرێز و کەریمت هەڵخراند و بادیهەوا کرد ﴿٦﴾ ئەو خوایەی کە تۆی بەدیهێنا، جا ئەندامتی وێکخست و رێکوپێکی کردی ﴿٧﴾ بە هەر وێنەیەک کە خۆی ویستی ئەندامی تۆی پێکەوە لکان (ما لە ماشاء زیادە) ﴿٨﴾ وانیە، بەڵکوو ئێوە رۆژی جەزا و دین، حاشا و ئینکار دەکەن ﴿٩﴾ لە حاڵێکدا چەن کێشکچی لەسەر ئێوەن ﴿١٠﴾ نووسەرانی بەرێز و بەرز ﴿١١﴾ ئەزانن ئەوەی کە ئێوە دەیکەن ﴿١٢﴾ کارچاکان لە ناز و نیعمەتدان ﴿١٣﴾ تاوانبار و گوناحکاران لە دۆژەهدان ﴿١٤﴾ لە رۆژی جەزا لەوێدا دەسووتێن ﴿١٥﴾ قەتیش لێی دوور و نادیار نابن ﴿١٦﴾ تۆ چوزانی رۆژی دین و جەزا چییە ﴿١٧﴾ هەمیسان تۆ چووزانی رۆژی جەزا و سزا چییە ﴿١٨﴾ رۆژێکە کە هیچ کەسێ بۆ کەسێتر کارێکی پێ ناکرێ و هیچی بە دەس نییە، تەواوی کاروبار لەو رۆژەدا تایبەت بە خوایە ﴿١٩﴾

## سوورەی موتتەفیفین: کەمفرۆشان ٣٦ ئایەتە

**سوورەی موتتەفیفین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٦ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

وەی هاوار بۆ کەمفرۆشان ﴿١﴾ ئەو کەسانەی بە پێوانە شتێ لە خەڵکی دەکڕن دەبێ بێ کەمایەسی هەموویان پێبدرێ ﴿٢﴾ هەرکاتێ خۆشیان کە بۆ خەڵکی دیکە بە کیلە دەپێون یا بۆیان دەکێشن، لێی کەم دەکەن و زیانیان لێدەدەن ﴿٣﴾ ئایا ئەوانە نازانن و بڕوایان نییە کە زیندوو دەکرێنەوە ﴿٤﴾ لە رۆژێکی بەسام و گەورەدا ﴿٥﴾ رۆژێ کە خەڵک لە بارەگای پەروەرێنەری جیهانیان رادەوەستن ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi